# ئەو شەرەفەی ژنی لە سەر دەکوژین دەمێکە لە دەستمان داوە.

**تامان شاكر**

شەرەف چییە؟ ئایا لەگەڵ مرۆڤ لە دایك دەبێت ؟من بەش بە حاڵی خۆم نەبینیوومە نەبیستوومە كەس بە شەرەفەوە لە دایك بووبێت.لە تەمەنی منالّیەوە بگرە، تا كچان تەمەنیان دەگاتە دوانزە ساڵ كەس باسی شەرەف ناكات،واتە مرۆڤ ببورن كچان تا پیگەیشتنی ئەندامی زاوزییان بێ شەرەفن.ئیتر لە دوایی ئەوە دەبن بە خاوەنی شەرەف. شەرەف لە هەر كۆمەڵگایەكی ئەم سەرزەمینەی ئێمە بۆ چوونی جیاوازی هەیە.بۆ نموونە تێروانینی شەرەف.لەكۆمەڵگا پێشكەوتووەكاندا ماناو ناوەرۆكێكی تری هەیە،زۆر جیاوازە لەگەڵ كۆمەڵگایەكی دواكەوتووی ئیسلامی و خێلەكی.سێكس لە وڵاتە پێشكەوتووەكاندا وەك هەستێكی مرۆڤایەتی سەیر دەكرێت،لە وڵاتە دواكەوتووەكانی وەك وڵاتی خۆمان خەڵكی لەسەر دەكوژرێت،كێشەی ئێمە زیاتر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كە نەمان توانیووە ئەم دوو شتەواتە (سێكس و شەرەف) لە یەك جیابكەینەوە.هەوڵیشمان بۆی نەداوە. كورد واتەنی هەركەس دەستی بە كڵاوی خۆیەوە گرتووە با نەیبات، لە بەر بەرژەوەندی تایبەت كەس بیرلە بەرژەوەندی نەتەوەو چارەنووسی نەوەی داهاتوو ناكاتەوە.

شەرەف لای ئێمە تەنها بە ژنەوە،ببوورن بە ناو گەڵی ژنەوەبەندە،كەواتە دەبێت هەریەك لە ئێمە لەخۆی بپرسێت ئەی شەرەفی پیاو كامەیەو لە كوێیە؟ئەوە هەر ئەو شەرەفە نییە، كە ژن خۆی خاوەنداریێتی ناكات،بەڵكو باوك و براو مام و ئامۆزا زۆر جار دراوسێكانیش خاوەنداریەتیی دەكەن. جاری واهەیە ئەم شەرەفە لە بری خوێن دەدەن و ،ژن بەژنی پێدەكەن و، بە پارە دەیفرۆشن ،یان ئەوەتە سەری دەبڕن وناموسی خۆیانی پێدەپارێزن.

كێشەی شەرەف و ژن كوشتن كۆمەڵگای كوردی كردووە بە ئۆرگانێكی نەخۆش و خوێنی لی دەتكێ .

گەلانی سەردەستەی كوردستان هەموویان موسڵمانن بەڵام ئەو كارەی كورد دەیكات هیچ كام لە فارس وترك عەرەب نایكەن،ئەوان ئیسلامیان بەكار هێنا بۆ چەوساندنەوی ئێمە،ئێمەش ئیسلامان بەكار هێنا بۆژن كوشتن و ناموس پارێزی دەبێت ئێمە چەند لەوان دوا كەوتووتر بین! لەماوەی ئەم 13 ساڵەی ڕابردوودا بە پێی بابەتێكی (سەوسەن سەلیم كە لە دەنگەكان بلاّوی كردۆتەوە) تا ئێستا لە كوردستان 9000 ژن كوژراون.منیش پرسیار دەكەم ئەی چەند پیاو كوژراون؟خۆ ئەو ژنانە دەبێت لەگەڵ پیاوێك كاری سێكسیان ئەنجام دابێت.ئەگەر بە تەنها ئەم كارەیان ئەنجام دابا، پێم وابوو ئێستا ئەو نۆ هەزار ژنە هەموویان لە ژیاندا دەبوون.كارەساتەكە لێرەدایە ژنان دەبن بە قوربانی و پیاوەكانیش وەك بەرزەكی بانان بۆی دەردەچن چونكە ئەوان بە شەرەفەوە پەیوەست نین،لە كوردستان یاسای خێڵ سەردەستە بۆ پاكردنەوەی شەرەف كەس زیندانی ناكرێت.(ئەریك فرۆم) فەیلەسوفی ئەڵمانی لە بارەی شەرەفەوە دەڵێت( مرۆڤی بە شەرەف ئەو كەسەیە كە هەوڵبدات خودی خۆی بێت و تەسلیمی ئەوپەیوەندیانە نەبێت كە ئازادیانەكانی زەوت دەكەن)

باشە لە كوردستان كێ خاوەنی خۆیەتی؟پیاوەكان حیزب و دەسەلاّت خاوەنیانەو ژنەكانیش هەرسێكیان.

كێشەكانی ئێمە بە كوشتنی ژنان چارەسەر ناكرێت.ئێمە ئەو كاتە شەرەفمان لە دەستدا،كەبێ وڵات بووین خاوەنی خەونی گەورە نەبووین،نەتەوەیەكین ژیان دەكەین بەبێ هەستی نەتەوایەتی،ئەوكاتە شەرەفمان لە دەستدا كە كورد بەشداری ئەنفالی كرد، ئەوكاتە شەرەفمان لە دەستدا دوایی كوشتنی ژنێك و دوان سیان نەمان توانی دەممان بكەینەوە،ئەو كاتە شەرەفمان لە دەستدا لەكاتی كیمیابارانی هەڵەبجە گوارەو ئەلقەی دەستی مردووەكانمان دزی،ئەو كاتەشەرەفمان لە دەستدا كە كچەكانمان لەزیندان بە منالّەوە هاتنەوە لە جیاتی ئەوەی باوەشی خۆشەویستیان بۆ بكەینەوە سەرمان بڕین،ئەو كاتە شەرەفمان لە دەست چوو كە خوێنی یەكترمان ڕژاند و بیرمان لە سەروەری و

بەرژەوەندی نەتەوە نەکردەوە،ئەو کاتەشەرەفمان لە دەستدا بۆ شتی زۆر بچووك خۆمان گیرۆدەی دەستی ڕژێمێکی دڕندە کرد و ماچمان کرد.

پرۆژەی تازەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان باس لە یەکسانی دەکات ،بەڵام بە بۆچوونی من ئێمە پێویستمان بە پرۆسەیەکی خێرا هەیە لە خوارەوە بۆ سەرەوە، نەك لە سەرەوە بۆ خوارەوە چۆن دەتوانین سیاسەتی یەکسانی پیادە بکەین ئەگەر ئەقڵی کۆمەڵگا نەگۆڕین، وکۆمەڵگا ئامادە نەکەین بۆ گۆڕانکاری لە ساڵی شەستەکان خەڵکی ئەوروپای ڕۆژئاوا بە تایبەتی چەپ و ڕۆشنبیرەکانیان ڕژانە سەر شەقامەکان داوای کۆرینی سیستەمی کۆنیان کرد بە سیستەمیکی تازە،بەڵام بۆ ئەو یەکسانییەی کە ئێمە دەمانەوی لە سەر ئۆرگانیکی نەخۆش پیادەی بکەین و ماوەیەکە زۆر بە خەستی باسی لێوە دەکەین،ئەوان تا ئێستاش خەباتی بۆ دەکەن.چونکە تۆ دەبێت کۆمەڵگایەکت ئامادە کردبێت ئەوەندە تۆلەرانس بێت بڕوای بە گۆڕانکاری هەبێت و بەرامبەرەکەی قبووڵ بکات و چی تر شەرەف لە ناو دوو لینگی ژن نەبینێتەوە و لەوەش تێبگات لە هەر ئەنجامدانێکی کاری سێکسی دوو کەس بەشدارن،چی تر ژنانی کوردستان نەبن بە قوربانی شەرەف و دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی پیاوان .

2005/4/7